# نەقیزەکەی لالۆم

## جەنابی موفەتیش

### 2 ـ دووبارە

### مەرحەبا لەخۆت ...

لەسایتی کوردستان نێتدا رزگار کۆچەر ناوێک قەڵەمەکەی تەقاندووەو کورد وتەنی (کەرە لە کوێ کەوتوویت ،کوونگە لەکوێ دڕاویت) چونکە فیشەکە پوچەکەی هەروا بە فیڕۆداوەو توخنی نیشانەکەی هەر نەکەوتووە و بگرە بووە بە گوللەی وێڵ و ناشیانە چزەی لە کەسێکیتر هەڵساندووە، داخی گرانم ئەوکەسەی تۆ باسیدەکەی من نازانم کێیە..؟! بەلاّم هەربەقسەکانی خۆتا ئەزانم ئەو کەسە ئەگەر وابێت دیارە لەوانە بەڕێزترە ئەمڕۆ لەملایەو سبەینێ لەولایەو دووسبەی لەلایەکیتر... قسەی خۆشمان بێت دیارە لە هەڵگرتنیشا، وەستایت چونکە دەمێکە راپۆرتەکانیت وەکو خەنجەرەکەی کابرا بۆ رۆژی تەنگانە هەڵگرتووە.. ئافەرم بۆخۆت و ئەم هەڵگرتنەت.. دەربارەی ئەمەیان ئەوەندە ئەزانم هەتا کورد خاوەنی ئەمجۆرە ئەقڵیەتەی وەکو جەنابت بێت، هەمیشە ریسەکەی ئەبێتەوە بەخووری.. جا ئەبێت ئەوەش بلێم بۆیە من بەناوی [جەنابی موفەتیش ]ەوە ئەنووسم، چونکە موفەتیش لەهەموو دەوورو سەردەمێکاو لە بەرژەوەندی گشتی و هەر بە دوای هەڵەوکەم و کووڕییەکاندا گەڕاوەو ئەگەڕێ.. لەگەڵ ئەوەشدا دیسان کورد وتەنی [ئەمە ئەرز وئەمە گەز] منیش ئەڵێم ئەگەر تۆ سووریت لەسەر ئەوەی من کێم ..؟! وەرە پێشەوە من ناوی خۆم ئەڵێم و تۆش ناوی خۆت بلێ..! ئینجا مەرحەبای تەواویی یەکتر ئەکەین. پاشانیش حەزئەکەم بزانیت ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر هەر دیاردەیەکی ناقۆڵاو نارەوای کوردستان ئەنووسێت، وەکو شەڕی براکوژیی و دزیی و جەردەیی و گیرفان پڕکردن و کوردستان لەتلەت کردن، مانای ئەوەنیە ئەو کەسە کەسێکی کوردپەروەر نەبێت..! چونکە ئەمڕۆ کوردپەروەری هەر ئەوە نیە سەر بە لایەنێکی دیاریکراوی کوردستان بیت, چونکە ئەگەر وابێت، ئەتوانم بەسەدان هەزار پیاو ماقوڵ و ئەدیب و هونەرمەندو رۆشنبیرت بۆ هەڵبدەم، قێزو بێزیان لەتێکرای لایەنەکان دەبێتەوە.. جا زۆر وتن هەر قورئان خۆشە.. دیسانەوە ئەمە ئەرزو ئەمە گەز، تۆ وەرە پێشەوە و ئەڵێم بەنەقیزەکەی لالۆم هەچە لەوانەی تفەنگ بەتاریکییەوە ئەنێن.. هەچە لەوانەی هەمیشە یەک ئەقڵیەتی نەگۆڕاویان هەیەو هەروەکو مانگا لە پێستێکدا ئەژین ...